# هاوپەیمانیکردنی یەکێتیو پارتی لەگەڵ کۆمەڵەی ئیسلامیدا،
# هاوپەیمانیانە دژبە ویستی خەڵکی کوردستان!

**سامان کەریم**
zaryak@yahoo.com

**کەباسی بزوتنەوەی کوردایەتیو سیاسەتو بەندوبەستوفەرهەنگی کۆنەپەرستانەی دەکەیت، ئەحزابی دەسەلاٌتداری کوردستانو ڕۆشنبیرانی قەلەم بەدەستیان، جۆرەها بالۆرە لێدەدەنو دەلێن کۆمۆنیستەکان" ئاژاوە گێرن" ،دەلێن کۆمۆنیستەکان "جنێو"مان پێدەدەن، ئەوان ڕەخنە بە "جنێو " بەارنبەر بەخۆیان بەحساب دێنن بۆ ئەوەی ڕەخنە سەرکوت بکەن، پیمان دەڵێن" ئیوە لەهیچ رازی نین" بەهەرحال، ئەوان کەیفی خۆیانە، بەلاٌم دەکرێت لە هەردوو حیزبی دەسەلاٌتدارو ڕۆشنبیرەکانیان بپرسین کە بە کام پێوانە دەکرێت علیمانی بونو کۆمەڵەی ئیسلامی پێکەوە گرێ بدەیتەوە؟! عیلمانی بون یەکێتیو پارتی خۆیان باسی دەکەنو دەڵێن عیلمانین، ئەوە بوختان نیە، دەکرێت ناسیونالست بیتو عیلمانی بیتو کەم نین ئەوانەی ناسیونالستنو عیلمانین، نەتەوە پەرستێکی وەك ئەوەی پێی دەلێن"ئەتاتورك" عیلمانی بوو. بەلاٌم علیمانی بون، مانایەکی هەیەو ناکرێت بە ئارەزوی خۆت مانای پێ بدەیت، ماناکەی ڕۆشنەو لە هەزارەها پەرتوكو نوسراوەدا باسکراوەو مێژووی خۆی هەیە، ئەویش جیابی دینە لە دەوڵەتو پەروەردەو خوێندن.**

**ئەم "عیلمانی"یەتەی دەسەلاٌتدارانی ناسیونالستی کورد، وەکو ناسیونالست بونەکەیان جیایە، چونکە بە یەکپارچەیی خاکی عێراق نەبیت سوێند ناخۆن! عیلمانیەتیەکەشیان بەهەمان شێوە لای ئەوان دەکرێت هاوپەیمانی بکەیت لەگەل تیرۆریزمی ئیسلامیدا، ئەوە لەپێشەوە کۆمەڵەی ئیسلامی یان هێنایەوە نێو گۆرەپان لەحالێکدا، کە پەلکێشی تیرۆریزمی نێو دەوڵەتی ئەمەریکیان کرد بۆ تێکشاندنی ونیشاندانی ئەشکەوتەکانیان لە هەورامان و کوشتنو ڕاونانو زیندانی کردنی نزیك بە هەزار کەسیان، کەچی ئەمڕۆ بونەوە بە هاوپەیمانو بە دو کورسی ئەو مێژوەیان سڕیەوە، بەلاٌم لای خەڵکی کوردستانو بەتایبەت ناوچەکانی هەلەبجەو هەورامان ئەو مێژوە زیندوە.**

**ئەم هاوپەیمانیەتیەی یەکێتـیو پارتی تەنها تەکتیکێکی نێو هۆلی "پەرلەمانە" گالتەجاری‌یەکەی بەغدا نیە، وە تەنانەت تەنها دڵدانەوەو دڵرازیکردنی جمهوری ئیسلامی نیە، ئەو خالاٌنە هەردوکیان جێگەیەکی زۆر مام ناوەندیان هەیە لە پەیوەند بەم هاوپەیمانی‌یەی نێوان " تیرۆریستەکانی دوێنیٚ" و"علیمانی"یەکانی ئەمڕۆ. مەسەلەی ئەصلی یەکێتیو پارتی لەم هاوپەیمانیەیاندا وەستانەوەیە لە بەرانبەر خەڵکی کوردستاندا، لە بەرانبەر خواستو ئارەزوو ویستی ئەواندا بۆ جیایی دین لەدەوڵەتو دەستکۆتاکردنی ئیسلامی سیاسیو تیرۆریزمەکەیانو دەخالەتیان لەکاروباری دەوڵەتو پەروەردەو خوێندنو ئموری شەخسیاندا. ئەم هاوپەیمانی‌یە، وەستانەوەو دژایەتیەکی ئاشکرایە بەرانبەر بە دواکاری خەڵکی کوردستانو بە تاییەت لاوانو ژنانی کوردستان بۆ نەهێشتنی کاریگەری ئیسلامی سیاسیو دین بەسەر مافە فەردیو مەدەنیەکانیانەوە. بەتاییەت لە ماوەی دووساڵی ڕابوردودا کۆمەڵگای کوردستانی عێراق، ڕەوتی ئالۆگۆڕێکی نوێی دەستپێکردوە، بزوتنەوەو هیواو ئامانجێك کە پڕاوپڕ خوازیاری مافە مەدەنیو فەردیو سیاسیەکانیەتی، ئەمە لە ڕوبەڕوبونەوەی خەڵکی کوردستان لە بەرانبەر کاری تیرۆریستی 1ی شوباتدا لەهەولێر بە فراوانی خۆی نیشاندان بە جۆرێك تورەیی خەڵك ئەوەندە پەری ساندبوو، یەکێتیوپارتی ناچار بون ئیسلام رزگار بکەنو بە پەلە چەند کۆلەکە مەلایەکیان هێنایە سەر تەلەفیزیونو دەزگاکانی ڕاگەیاندنیان بۆ تەرخانکردن، بۆئەوەی پاکانە بۆ ئیسلامو ئیسلامی میانەڕەو بکەن، ئەو کردەوە تیرۆریستی‌یە دور ڕابگرن لە ئیسلامەوە. خواستی لاوان بۆ مەدەنیەتو دور ڕاگرتنی دەستی دین لە لەسەر کاروباری خوێندنو پەروەردە لە زانکۆکاندا، خواستی خەڵکی کوردستان بۆ تێکەلاوکردنی خوێندنی کوڕانو کچان، خواستی ژنانی کوردستان بۆ یەکسانی هەمەلایەنەی قانونی لەگەل پیاواندا، ناڕەزایەتی بەشە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگای کوردستان لە ماوەی دووساڵی ڕابوردا و خواستی جیابونەوەی کوردستانو بزوتنەوەی 2ی ئۆکۆتۆبەرو 2ملیۆن ئیمزا خەوتوەکەی بزوتنەوەی ریفراندۆم هەموو ئەوانە دەرخەری سەرهەڵدانو هاتنە دەرەوەی بزوتنەوەیەکە کە بە ئاراستەی دژ بە ئاراستەکانی یەکێتیو پارتی دەجولێنەوە، ئەم هاوپەیمانییە، وەستانەوەیە بەرابنەر بە هەموو ئەو خواستانە، بەرانبەر بە هەموو ئەو هیوایانەی خەڵك کە قوربانیان داوە لە پیناویدا. خەڵکی کوردستان دەپرسیٚ بوردومانکردنی ناوچەکانیانتان لەچیو هێنانەوەو هاوپەیمانیتان لەگەڵیاندا مانای چی؟ بە کامیان بڕوا بکەن؟!**

**بەم کارەیان دەیانەوێت بەخەڵك بلێن زۆر پیٚ ڕامەکێشنو ئیسلامیەکان هاتنەوە، ئەو مافە فەردیو مەدەنیانەی کە هەیە نیوەی زیادە، ئەگەر نا ئەوە ئیسلامیەکان دەسەلاتیان هەیە!!**

نا حەقمانە بلێن کە ئەحزابی بزوتنەوەی کوردایەتی هەموو مافە مەدەنیو فەردیو سیاسیەکانی خەڵکی کوردستان دەکەنە قوربانی. ناحەقە بڵێین ئەم کارە کارێکی کۆنە پەرستانەیەو دژ بە ویستەکانی خەڵکی کوردستانە.